

# هەڵە... ئازاكان

حەیدەر عەبد خزر
لە عەرەبییەوە: ئاوات حەسەن ئەمین

هەڵەکان دووبارە ئەبنەوە
هەروەها.. جەنگەکانیش..!
مردن.. هەڵەکان، راست ئەکاتەوە
ژیانیش.. بە ئۆکسجین، تێری ئەکات
شاعیر.. هەڵەیەکی گەورەیە.
هەڵە.. سەرچاوەی شارستانییەتە.
ئەو، پێویستی بە دەمامك نییە.
ئەو سازشكارو رەوانە
بەردەوام لەگەڵمانا دێت بۆ

## دەق

ناو پێخەف و کۆنگرەکان
زمانیمان بەوپەڕی بوێرییەوە
بۆ درێژ ئەکات.
بە ترسەوە.. چاوەڕوانیمان ئەکات
بەردەوامیش.. هەناسەی هەڵئەمژین
هەڵە پشتئەستوریمان ئەداتێ
هەستی خۆشیمان پێ ئەبەخشێ
زۆر زیرەکەو تەمومژاویشە
بۆیە بە راست و رەوانی
هەڵسوکەوت ئەکات.
زۆر دەگمەنە وامان لێ بکات
هەستی پێبکەین.
ئەو بێ چەکەو پێویستی
بە ئاماژە بۆ کردن نییە
خۆرسکێکی تەندروستە
هەروەها گیانیشی
خۆشی بەخشو
تووندڕەوە.
بەردەوام رێگەمان بۆ کورت ئەکاتەوە
هیوامان تیادا سەوز ئەکا
بەڵام.. مۆنە.. دڵڕەقە
لەگەڵ ئەو کەسانەی
ئیهانەی بکەن
یان تواناکانی لەبەر چاو نەگرن
ئەو.. دزە ئەکاتە ناو دڵە لاوازەکانیانەوە.
تۆوی گومانو خاوبوونەوەیان تیا
ئەچێنێ.
هەڵەکان لەبن نایەن
ئەوان نەوەو بنەچەی
پادشاکان و تایەفەکانیان



حەیدەر عەبدخزر
ساڵی ١٩٧٣ لە
عیراق لەدایک
بووە.
لە زۆربەی
رۆژنامەو گۆڤارو
سایتە عیراقیو
عەرەبیو
جیهانییەکاندا
بەرهەم
بڵاودەکاتەوە.
بەشداریی زۆربەی
فێستیڤاڵە
عەرەبییەکانی
کردووە.
خاوەنی چەند
خەڵاتێکی
رێزلێنانە.

هەیە
کە بەردەوام بە زیرەکی و
زوو بە دەستەوە هاتن
چەکدارن.
بەسەر وێستگە گرنگەکانی مێژوودا
بڵاوبوونەتەوە.
بۆیە..
مردنی ناپلیۆن هەڵەبوو
جەنگەکانی رزگارکردن و
بەرگریکردن و
سامانەکان.
هەڵەی کوشندە بوون!
چەندە مەزنیت.. و فێڵاویت
چەندە نەرمونیانیت.. ئەی هەڵە..!
کاتێ دەخزێنرێتە ناو
ساڵەکان و.. رۆژژمێرەکانەوە.
بۆیە من ستایشت ناکەم.. بەزۆری
لە بەردەمی دەرگاکەشتدا
بە رووتو ڕەجاڵی و
بێئاگایی ڕاناوەستم.
بۆیە بە هەرچییەك هەمە لە
جوانی و.. ئازار
هاوار ئەکەم:
تاکە ڕاستی
ئەم ژیانە ئالوودەبووەمانە
بە فێڵ و پووچییەکان!

**سەرچاوە:**
ئەنتۆلۆژیای شیعری (فرمێسکەکانی ئور) ئامادەکردنو پێشەکی بۆ نووسینی: علی شەبیب وەرد چاپی دەزگای (الینابیع) سوریا- دیمەشق. ٢٠١١